# مۆنۆلۆگ

حلمی سەعید

hilmysaid@yahoo.com.au

]

**ئەگەر کۆمەڵێک بوون بە مەڕ، بێگۆمان چەند گورگێک پەیدادەبن بۆ ئەوەی حوکمیان بکەن.**

(1)

ئێمە بە ڕێزو سەرووەریەوە سەیری خەباتی یەکێتی و پارتی دەکەین و بە بڵندی دەنرخێنین، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیێنێت کە هەرچی پارتی و یەکێتی گۆتیان ئێمە بەچاوکوێرانە بەدوای بکەوین، چۆنکە ئێمە قاز نین، ئێمە مرۆڤین و مرۆڤیش بۆ دوپاتکردنی مرۆڤایەتی خۆی، دەبێ بیربکاتەوەو لەئەنجامدا بڕیارێک بدات، نەک وەکۆ قاز کە سەرکاروانەکەیان قیقاندی، هەموی بەدوایەوە بقیقێنێ.

(2)

ئەگەر دکتۆرێک نەخۆشێکی چاککردەوە و ئەگەرئەندازیارێک خانوییێکی بەباشی چاککردو ئەگەر ماموستاییێک دەرسی بەچاکی گۆت و نەوەیێکی بە چاکی پێڕا گەیاند؛ ئەگەر کرێکاری سەر شەقام کارەکەی خۆی بەباشی ئەنجامداو ئەگەر سستەرێک خزمەتی نەخۆشی بەو پەڕی لەخۆبوردوویی کردو ئەگەر پێشمەرگەیێک خەباتی لەپێناو ڕزگاری مللەتی خۆی کردو ئەگەر سەرکردەییێک ئەرکی خوی بە چاکی ئەنجامداو چاوەڕوانی پاداشتی نەکرد، بۆچی دەبێ سۆپاسی بکەم؟ بۆچی دەبێ سوپاسی بکەی! بۆ دەبێ بڵێی سەرکردەکەمان وەکۆ کەس نیە و لە دۆنیادا وێنەی نیە . بەڵکو تەنها کارەکەی خۆی ئەنجام دەدات و هیچ خەڵاتکردنێکی تایبەتی ناوێت، چۆنکی ئەو کارانە

خزمەتی گشتین و خزمەتکارەکە تەنها یەک ڕێگای هەیە، ئەویش: ئەنجامدانی کارەکەی خۆی بەتەواوەتی بدات.

(3)

ئەوەی حزبەکان داواکارین، ڕاپرسیە و ڕاپرسیش تەنها لەمرۆڤی ئازادی خاوەن هزری ئازاد دەکرێت، نەک وەکو پەرلەمانی کوردستان کە بە(ئیجماع) دەنگ لەسەر دستوری عیراق دەدات و لە 104 ئەندام، یەک تاک نەبوو بڵێ: من ئەو دەستوورەم بەدڵ نیە و دەنگی بۆنادەم!!

مانەوەی باری کوردسان بەو شێوەیە تەنها خزمەتی یێکیێتی و پارتی دەکات بۆ ئەوەی هەمیشە لە سەر کورسی دەستەڵات بمینێن، گوێشیان لێنیە چەند قوربانی لە بزاڤی ڕزگاریوازی کورد دەدرێت و چەند زیانی پێدەکەوێت.

(4)

سەرکردە کۆردەکان لەئەنجامی هیچ بەدەستەوە نەهێنان لەگەل عەرەبەکان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەگرن: لە و بارۆدۆخەی ئێستا دستوری لەوە باشتر نانوسرێ.

نالێن ئێمە لەوە باشترمان بەدەست نەکەوت.

ئەگەر وەفدە مفاوزەکە یەکی وەکۆ هینری کیسنجەر یان نیلسۆن ماندیلای تێدابا؛ وا دەبو؟

(5)

مام جەلال بو بە سەرۆکی عیراق؛ من دڵم خۆشنەبوو، بە ڕاشکاویش گۆتم من دڵم پێی خۆشنیە، چونکی ئامانجی کۆرد بەوە نایەتەدی و خەڵک خوی بەکۆشتنەداوە بۆ ئەوەی مامجەلال بەبێتە سەرۆکی عراق، تەنها باشی لە هەڵبژاردنی مام جەلالدا ئەوەیە کە هێزێک بدات بە وەفدی کوردی و کارەکان لەژێر چاودێری کابراییێکی وەکو ئەودابێت، بێگۆمان باشتر بەڕێوە دەچن. بەڵام جگە لە رازیبون بە دواخستنی کێشەی کەرکوک و وازهێنان لە کئرد بەشێکە لە نەتەوەی کورد، تەنازولی لە مافی چارەنووسی کوردیشی کرد

خەڵک لەسەر شەقامەکان ڕیزدەکەن، ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی بونی مام جەلال بەسەروکی عیراق؛ بەڵام کەس ئامادە نیە خۆپێشاندان لە دژی

مەوقەفەکانی مام جەلال بکات کە ڕاشکاوی تەنازل لە مافی چارەنوسی کۆرد دەکات و لەپێناو یەکگرتنی خاکی عیراق، ئەو هەمو تەنازوڵانە دەکات. واز لەکەرکوک بێنە، مەخمور، شەنگال، خانەقین، بۆ 2007 یان هەتاکو حکومەتەکی لاواز دێتە عیراق و جارێکی تر نێوان ئێران و تورکیا و عەرەب لەگەڵ زلهێزەکان تێکدەچێتەوە، بێگومان سەد ساڵی تریش ئەوە نابێنینەوە.

(6)

کاک مەسعود زۆر لەوە بەرێترە ببێتە سەرۆکی دەڤەر.
دەبێت کابرایێکی بێشەرم و بێ ئاکار ببێتە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەوەی کاتێ لەگەل دژمنانی کۆرد وتووێژدەکات، شەرمیان لێنەکات و تووشی ڕۆمەتی و دەعوەت و دەعوەتکاری نەبێت، پێویست وابوو، کابرایێکی وەکو (حەمەی حاجی مەحموود) مفاوەزاتەکە بکات کە یەک ووشەی عەرەبی نازانێت، دەبووا مترجمی بۆ بدۆزنەوە.

(7)

نا؛ بۆ ڕەشنووس و سپینووسی دەستور، دەوڵەت ڕاناگەیێنم، بارەکە وەکو خۆی بەجێدێڵم دەرگای خۆم دادەخەم و واز لە عەرەب دێنم گرفتەکانی خۆیان چارە بکەن، ئینجا با بێن لەگەڵ کورد قسەبکەن. هەتا ەو کاتەش، نا، بۆدستور.